# وڕێنەی بەرە بەیان

نووسینی : عەبدولڕەحمان مەلا سەعید زەنگنە

ئێمە عەیامێکە دەستەمۆی خەم و ئازارین ، بەڵام تۆ وەک هەمیشە، توێشووی ڕێگای هاتونەهاتی دڵە ڕاڕاکانی ئێمە بووی . تۆ خوڕەی قەڵبەزی ئاوی هەموو ڕووبار و تاڤگەکانی دونیات لەخۆشەویستیدا کۆکردبووەوە . ئەو خۆشەویستییەی کە لە هیچ چوارچێوەیەکدا ، جێی بە خۆی نەدەگرت و تاساوی دەستی هیچ سنوور و یاسایەکی دەسکردی ئەم دونیایە نەبوو . کامە دڵنەوازش دەتوانێ کەسەری دڵە کۆسکەوتووەکانمان سارێژ بکات و دڵی دەردەدارانی وەک ئێمەمانانی پێ بداتەوە ؟ . تەنیا و تەنیا ، مەگەر مۆمێکی وەک مۆمەکەی دەستی حەزرەتی مەحوی :

به نووری بادە ، کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چبکەم

بە شەمعێکی وەها ، چاری شەوێکی وا نەکەم چبکەم

ئەگەرنا مۆمی دەستی ئێمەمانان ، چارەی شەوەساتی نێو ئەم شەوەزەنگەی پێ ناکرێ . چۆن لافاوی زستانانی چەمەکەی شۆرجەی کەرکووکی سەردەمی منداڵیمان ، ڕێگای هاتوچۆی قوتابخانەی لێ دەگرتین ، تۆش بە هەمان شێوە ڕێگات لە نائومێدی دەگرت ، و گڕپەی گڕی تەنووری تاسەی سینەمانت دادەمرکاندەوە . تۆ بڵێی ئەوانە هەمووی ڕاست و ڕەوان ، ڕابوردووی ئێمە بووبن ؟ یان سەرجەمیان دەسکردی ئەندێشەی ماندووی پڕ تاسەمانن . زەمانێکە گەڵای هەڵوەریوی ساڵانی تەمەنی پڕ کارەساتمان ، لە کەنار و پادەشتی کەرکووکدا و لە ژێر ئاوماڵکی لافاوی چەمەکەی خاسەدا ، گۆمی خەمیان بەستووە . من وەک هەمیشە ، پەلم بە دەستی ئیزرائیلەوەیە ، ئیزرائیلی منیش ، ئەم بارە نالەبارەی دەردی بێ دەرمانی نامۆییە . نامۆیی بوو بە ئاوم ، نامۆیی بوو بە بەرگم ، تەنانەت خۆم لە خودی خۆم ، لە هەموو شت زیاتر نامۆ و نەبانم . ورچێکی هەڵاتووی پادەشتی چیاکانی ئاراراتم و لە ورچستانی لای قوتبی شیمالی گیرساومەتەوە ، ئاو و هەوا و دار و بەردی بە من نامۆن . خەریکی چیم ! زۆر ئاگادار نیم ، خەریکی زۆر

شتم و خەریکی هیچ  نیم ، چونکە بە هیچ شتێکەوە نەگیرساومەتەوە . شەپۆلێکی توندی هەلومەرجێکی نوێیە ، نازانم بەرەو کوێمان دەبات ! دەڵێی خەریکە لە زمانی یەکتری تێ نەگەین ! پێشتر دەمزانی کە هەر یەکەمان مانایەک لە وشەکان دەدەینەوە ، بەڵام ئێستا لەوە دەرچووە ، وشە و بیرورِا و زانین و فەلسەفەکان ، وەک دەنکە تەسبیحی دەستی دەروێش عەبدوڵایەکی لای گەرمیان ، نەک دەروێشەکەی گۆران ، لە یەکدی دابچرِاوین و دانە دانە کەوتووینەتە ژێر پێ ، کەس نییە بمانهۆنێتەوە . چەترێکی ئەستووری سەربانی مێشکی مرۆڤ هەڵدراوەتەوە ، راستەوخۆ رووبەرِووی وێنە و ئاوێنەی راستەقینەی خۆی بووەتەوە . رووت و قووت ، بێ  پەردە و پەنا ، ئازادیی مرۆڤ ، لە هەموو وەختێک زیاتر ، دوورتر و دوورتر بووەتەوە . جارێ لەوە گەرِێ کە هیچ  شتێک شایانی شانازیی پێوە نەماوە . رۆژ رۆژی دوو رووان و دوو رەنگانە ، ئێمە لە دوورِووییدا گرەومان لە شەیتانیش بردووەتەوە . یەک رەنگەکان لەم جیهانە چەند رەنگەدا ، خاڵ و سفری دوای فاریزەن و ، چی و چییان پێ ناکرێ ، نەک هەر لە رەشەخەڵکەکەی ئەمرِۆ ، بەڵکوو لە خودی خۆیشیان نامۆن .
یاشا دەخیلەن یا دەریای نیلەن    یەک رەنگان وەدەس دوو رەنگ زەلیلەن
جارنەجارەش ، داستانە نەبەردانەکەی ، کورِە عاشقە تینووەکەی پادەشتی گەرمیان ، عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پرخاڵی ( مامۆستا هێمن ) نا ، عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردی ، بیدی مەجنوونە گیانبازەکەی بانی مەقان و لەیلان و قرخ و تاڵەبان و رۆخانەی پرِ پیت و بەرەکەتی هەردەی زەنگنە ، داستانی نەجمی گەلاوێژی ئاسۆی تاریک و روونی بەرەبەیانی شارەکەی باباگورِگورِ ، داستانی عەشق و خۆشەویستیی ئەو کوورِە گیانبازە پۆلایینەی گەرەکی شۆرجە ، داستانی ( مامە ریشە ) ی قارەمان ، کە بە یادمدا گوزەر دەکات ، ئیتر ، چون مارێکی سرِبووی بەر سایەقەی شەوگاری پاییزی بەرەبەیانێکی هەردەی گەرمیان ، چۆن تین و تەزووی تیشکە ورشەدارەکەی خۆرەتاوی چاشتەنگانی بە ناخدا دەبوورێ و بۆی دەکشێ ، منیش بە هەمان شێوە ، خوێن بە شادەمارەکانمدا دەخرۆشێ ، و خونچەی هیوای سەردەمێکی تر ، بە وێنەی گوڵە ئەشرەفی ، لە ناخمدا زاخاو دەخوا و شکۆفە دەکات و دەپشکوێ . نووزەیەک بە بەر رووحی شەکەتمدا دێنێتەوە ، و سەرلەنوێ

ئاوێتەی زوخاوی ئاە و نزای شارە لێ دابڕاوە بێ نازەکەی بابا گوڕگوڕم دەکاتەوە . کڕێوە و زریان و باوبۆران و بەفرێکە باریوە ، سەر لە ڕێگاکەی دەرناکەم . کایەیێکی ونبووی نێو دەریایەکی بێ بن و بێ کەنارە ، کەس نازانێ لە کوێ لەنگەر دەگرێ . زۆر جار دەمەو بەیانیان ، لە دەنگی زوڵاڵ و سۆزی نزای لاڵانەوە و پاڕانەوەی سەر بەرماڵی باوکم بە ئاگا دەهاتمەوە:

سەحەر سەحەرەن ، سەحەر سەحەرەن

هەر کەس نە خاو بۆ ، خاوش خەتەرەن

ئێستاش تێ نەگەیشتم ، کێ لە خەودایە و کێ وشیارە ! ئەو خەوە چییە و ئەگەر بە خەبەر بێتەوە چی دەبینێ ؟ نازانم کێ لەو خەبەرەوە نزیکە ، تا دەس بە دامان ، هانای بۆ بەرم و دەردە دڵی لەلا بکەم . وەکوو کوردی وتەنی : هەزار حەقم وت و نەشبوو وەکوو مەنسووور بە سەر دارێ

نەما کەس دامەنی نەگرم پەنام بردە هەموو شارێ

جارێ لە من گەڕێن ، من ئەوەندە تووشی بەدکاران و خراپە و خراپەکاران و کەچڕەوی و دووڕووان بووم ، قەت بە خەبەر نایەمەوە . ئەم جیهانە چییە و ئەم گەردوونە بە تەمای چی خەبەرێکە ! چبکەم وشە بە ئاسانی دەسگیرم نابێ . زۆر زەحمەتە قسەی ڕووت لەسەر فەلسەفەیەکی قووڵی وەک ئەو خەبەرەوە بکرێ ، هەر منم کلۆڵ و داماو ماوم ، هەر دەڕۆم و بە هیچ ناگەم ، چونکە لە هیچ ناگەم . بەڵام هەمیشە لە میحرابەکەی مەقاماتی حەزرەتی نالیدا ، دەستەو نەزەر دەڵێم و دەیڵێمەوە:

یەک ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ

بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگڕژی عیشقی حەقیقی

(( ئەم نووسینەم ، لە هەمان ساڵ و مانگدا لە ڕادیۆ پەنجەرەی ستۆکهۆڵمەوە ، بە دەنگە زوڵاڵەکەی کاک ناسری سینا خوێندرایەوە ))

سۆلەنتونا – ستۆکهۆڵم – سوید

**1994 – 12 – 12**